# «دەربارەی مێژوو»



ئارسەر شۆپنهاوەر

و. دانا موحەمەد حسێن

له هەر جۆرە بابەت و ئارێشەیەکدا واقیعگەلێکی بێشومار هەن. له نێو ئەم واقیعگەلە بێشومارەدا، ژمارەی هەبووە تاکییەکان، فرەیی و جۆراوجۆری و جیاوازییە بێشومارەکان دەکەونە ئەودیو درك و تێگەیشتنی ئێمەوە. زەینی کونجکۆڵ و چالاك بە سەرنجدان لەم هەمەکییەت(گشتەکیبوون)ـە، دەکەوێتە گەڕان، بەڵام تا زیاتر لێکۆڵینەوە بکات، زیاتر خۆی له نێو نەزانی و مەحکوم به نەزانییدا دەبینێتەوە. پاشان زانست دێت و بابەت و ئارێشە بێشومارەکان پۆلێندەکات و لە ژێرناوی "چەمکە گشتییەکان"دا کۆیاندەکاتەوە، چەمکە گشتییەکانیش لەژێرناوی "چەمکە تایبەتەکان"دا دادەنێت و بەم چەشنە، ڕێگەیەك بەرەو ناسینی بابەت و ئارێشە گشتیی و تایبەتەکان دەکرێتەوە.

ئەم ناسینە، ژمارەیەکی زۆر"بەش" لەخۆدەگرێت، چونکە بەبێ ئەوەی پێویست بکات هەریەکە لەم بەشانە لە خۆیاندا بپشکنین، ناسینەکە دەربارەی"گشت"یش ڕاست دەردەچێت. بەم شێوەیە مژدەی تێربوون بە زەینی کونجکۆڵ دەدرێت. ئەوکات تەواوی زانستەکان پێکەوە دەکەونە سەرووی ئەو بابەتە پەرش و بڵاوانەی کە لە نێو خۆیاندا دابەشیانکردووە. بەڵام فەلسەفە، لە پێگەی گشتیترین و گرنگترین جۆری ناسین، دەکەوێتە سەرووی هەموو ئەوانی دیکە و مەعریفەیەك دەبەخشێت، کە زانستەکانی دیکە تەنیا دەتوانن ئاماژەی پێ بکەن، بەڵام ناتوانن تێیدا قووڵ ببنەوە.

تەنیا مێژووە، کە ناتوانێت جێگایەکی گونجاو لەنێو ئەم کۆمەڵەیەدا ببینێتەوە، چونکە ناتوانێت وەك زانستەکانی دیکە، گرنگێتی و لەپێشتربوونی خۆی نیشان بدات، واتە مێژوو خاڵییە لە تایبەتمەندیی بنەڕەتیی زانست کە ئەویش "خستنەژێریەك"ـی بابەتە ڕوونکراوەکانە. لەبری ئەمە، مێژوو بابەت و ڕووداوە دیارەکان لە "تەنیشت یەك"ـەوە دادەنێت. لێرەوە، بە پێچەوانەی لقەکانی دیکەی "ناسین"ـەوە، هیچ سیستەمێکی مێژوویی بوونی نییە و ناتوانێت بوونی هەبێت.

لەڕاستییدا مێژوو، ناسینێکی عەقڵییە، بەڵام زانست نییە، چونکە لە هیچ شوێنێکدا بابەتێکی تاك و بەشەکی، لە ڕێی بابەتێکی هەمەکییەوە ناناسێت، بەڵکو ناچارە ڕاستەوخۆ بابەتە بەشەکییەکە بە جیا بپشکنێت. بە مانایەك: مێژوو، دەبێت بەردەوام بێت لە خشان لەسەر ڕووکاری زەوی و لەنێو جیهانی تەجروبەدا. لە لایەکی دیکەوە، جۆرەکانی دیکەی زانست لە ئاستی ڕووکار بەرزترن، چونکە دەستیان بە "چەمکە هەمەکییەکان" گەیشتووە و لە ڕێی ئەم چەمکانەوە بابەت و ئارێشە بەشەکییەکان دەخەنە ژێر چاودێری و

هێزی خۆیانەوە و لە پانتاییەکی دیاریکراودا، ئیمکانی بابەت و ئاڕێشەکانی قەڵەمڕەوی خۆیان پێشبینی دەکەن، بە شێوەیەك تەنانەت دەتوانن دەربارەی ئەوەی هێشتا ڕوووینەداوە، دڵنیایی بەدەستبێنن.

بەو پێیەی زانستەکان سیستەمگەلێکی چەمکیین(conceptual systems)، هەمیشە دەربارەی جۆر(kind) دەئاخفن، بەڵام قسەی مێژوو دەربارەی تاکەکانە (individuals). بۆیە، مێژوو دەبێـتە زانستی بابەتە تاکییەکان و، ئەمەش پارادۆکسێکە. تەواوی زانستەکان دەربارەی شتێك دەدوێن کە هەمیشە و بەردەوام هەیە، لە بەرامبەردا، مێژوو دەربارەی شتێك دەدوێت کە تەنیا بۆ کاتێکی دیاریکراو هەیە و ئیدی دواتر بوونی نابێت. وێڕای ئەمە، لەبەرئەوەی مێژوو، پێویستە لەگەڵ بابەتگەلێکی تاك و دیاریکراو و هەروەها لەگەڵ کەسایەتییەکاندا سەروکاری هەبێت، کە بە پێی ماهییەتەکەیان مەحکومن بە کۆتاییهاتن، بۆیە هەموو شتێك بە شێوەیەکی بەشەکی و ناتەواو دەناسێت. سەرەڕای ئەمەش، ناچارە ڕێگەبدات بابەت و ڕووداوە بێبایەخەکانی هەر چەرخێك شتێکی نوێی فێربکات، لەکاتێکدا هێشتا هیچ یەکێك لەو بابەت و ڕووداوانە ناناسێت!

گەر ڕەخنە بگیرێت و بوترێت لە مێژوودا، بابەت و ڕووداوە تاکییەکان دەچنە ژێرناوی "بابەت و ڕووداوە هەمەکییەکان"ـەوە، ئەوا دەبێت بڵێین وەها ڕەخنەیەك زادەی تێگەیشتنێکی نادرووستە لە چەمکی"هەمەکیی". هەمەکی لە مێژوودا شتێکی سوبێکتیڤ و زەینییە (subjective)، واتە هەمەکییەت لە مێژوودا لە ناتەواویی ناسینی تاکییانەوە دێت لە بابەت و ڕووداوەکان، بە مانایەکی دیکە، هەمەکییەت لە مێژوودا شتیکی ئۆبێکتیڤ و بابەتی (objective) نییە و چەمکێك نییە کە شتەکان و ڕووداوەکان بەڕاستی پێکەوە لەنێویدا بیری لێ بکرێتەوە. تەنانەت هەمەکییترین شت لە مێژوودا، لە بنەڕەتدا شتێکی تاکی و تایبەتییە، وەك سەردەمێکی دوور و درێژ یان ڕووداوێکی دیار.

لە زانستەکانی دیکەدا لە ڕێی ناسینێکی درووستی هەمەکییەوە، دەکرێت تا ڕادەیەکی زۆر دەربارەی نمونەیەکی تایبەت دڵنیابینەوە و بڕیاری لێ بدەین. بۆنمونە، گەر بێتو من بە شێوەیەکی گشتی یاساکانی سێگۆشە بزانم، دەشتوانم بزانم دەبێت تایبەتمەندییەکانی ئەو سێگۆشەیەی لەبەرچاومدایە چی بێت. یان دەتوانم بانگەشەی ئەوە بکەم کە: ئەوەی دەربارەی هەموو شیردەرەکان درووستە، دەربارەی ئەو شەمشەمەکوێرە نەناسراوەش درووستە کە گرتوومە و هێشتا توێکاریم بۆ نەکردووە. بەڵام لە مێژوودا، واتە

لەوێدا کە هەمەکییەت، هەمەکییەتێکی بابەتیی چەمکەکان نیە، بەڵکو"هەمەکییەتێکی زەینیی" ناسینی منە وەك تاك، تەنیا بە شێوەیەکی ڕووکەش و لە ڕووکاردا دەکرێت ناوی هەمەکیی لێ بنرێت.

بۆنمونە: دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی ئاگاداری جەنگە سی ساڵییەکان بم، واتە بزانم ئەم جەنگانە جەنگی مەزهەبی بوون و لە سەدەی حەڤدەدا ڕوویانداوە، بەڵام ئەم ناسینە هەمەکییە توانام پێ نابەخشێت بتوانم بابەتگەلێکی بەشەکی دەربارەی جەریانی ڕووداوەکان بزانم. ئەم پارادۆکسە لەم حەقیقەتەشدا ڕاستە، کە لە زانستدا، ڕاستێتیی شتە بەشەکی و تاکییەکان دڵنیاترین شتە، چونکە پەیوەندیی بە درکی ڕاستەوخۆوە هەیە.

بەپێچەوانەوە لە مێژوودا، هەمەکییترین شت، دڵنیاترین شتە، بۆنمونە: چەرخی زەمەن، جێنشینیی پادشاکان، شۆڕشەکان، جەنگەکان و ئاگربەستی ئاشتی. لە لایەکی دیکەوە، بابەتە بەشەکییەکانی وەك ڕووداوەکان و پەیوەندیی نێوانیان جێی دڵنیایی نییە و تا لە وردەکاریی زیاتردا ڕۆبچین، بابەتەکە نادڵنیاتر دەبێت. بۆیە، مێژوو تا بەشەکییتر ببێت، سەرنجڕاکێشتر، لێ هاوکات نادڵنیاتر دەبێت و جێی متمانە نابێ و زیاتر لە چیرۆك و ئەفسانە نزیکدەبێتەوە. ئێستا مادەم مێژوو تەنیا بابەت و ڕووداوی بەشەکیی و واقیعی تاکییانە وەك بابەتی خۆی هەڵدەبژێرێت و تەنیا ئەمەش بە واقیعی دادەنێت، ڕاستەوخۆ دەبێتە خاڵی بەرامبەری فەلسەفە، چونکە فەلسەفە بابەت و هەبووەکان لە هەمەکییترین گۆشەنیگاوە دەپشکنێت و بابەتە تایبەتییەکەی، گشتییبوونە. ئەم گشتییبوونە لە تەواوی بابەتە بەشەکییەکاندا بە یەکسانی دەمێنێتەوە. لێرەوە، فەلسەفە لە هەر بابەتێکی بەشەکییدا، هەمەکییەت دەبینێت و گۆڕان لە دیاردەکاندا بە شتێکی لاوەکی دەزانێت.

## " فەیلەسوف هاوڕێی هەمەکییەتە".

مێژوو فێرمان دەکات لە هەر سەردەمێکدا شتانێکی جیاواز هەبوون، بەڵام فەلسەفە هەوڵ دەدات ئەو ڕوانینەمان پێ ببەخشێت کە لە هەموو سەردەمەکاندا، کتومت یەك شت هەبووە، هەیە و، دەشبێت. لەڕاستییدا جەوهەری ژیانی مرۆیی، وەك جەوهەری سرووشت لە هەموو شوێنێکدا، لە هەر چرکەساتێکی ئێستاییدا، بە تەواوی بوونی هەیە و، بۆیە بۆ ئەوەی بە تەواویی بناسرێت، تەنیا پێویستی بە قووڵبوونەوەیە. بەڵام مێژوو دەیەوێت جێی قووڵایی بە درێژایی و پانایی پڕ بکاتەوە. بۆ مێژوو، هەر چرکەساتێکی ئێستایی،

پارچەیەکە کە پێویستە پەیوەست بێتەوە بە ڕابردووەوە. بەڵام درێژایی ڕابردوو، بێکۆتایە. لە لایەکی دیکەشەوە، داهاتووی بێکۆتاش پەیوەست دەبێتەوە پێوەی. لێکدژی و جیاوازیی نێوان فەیلەسوفان و مێژووناسان لێرەوە سەر دەردێنێ:

زەینە فەلسەفییەکان دەیانەوێت بە نێو قووڵاییدا ڕۆچن، بەڵام زەینە مێژووییەکان دەکۆشن لەسەر هێڵێك تا کۆتایی چیرۆکەکە بگێڕنەوە. مێژوو لە هەموو ڕوویەکەوە هەمان شت دەگێڕێتەوە بە فۆرمگەلێکی جیاوازەوە، بەڵام گەر کەسێك نەتوانێت وەها شتێك لە یەك، یانژی چەند فۆرمێکدا بناسێتەوە، بە دژوارییش دەتوانێت بە ژێراوژوورکردنی هەموو فۆرمەکان بگاتە ناسینێکی درووست. مێژووی میلەتان تەنیا بەهۆی ناو و بەروارگەلێکی جیاجیاوە جیاوازە، ئیدی کرۆکە حەقیقییەکەی لە هەموو جێگایەکدا هەر یەك شتە.

هونەر و زانست، هەردوو سەرقاڵی شتێکن کە هەمیشە و لە هەموو سەردەمەکاندا بوونی هەیە، نەك شتێك کە ئێستا هەیە و، دواتر نییە، ئێستا بە شێوەیەکە و دواتر بە شێوەیەکی دیکە. بۆیە هونەر و زانست سەرقاڵی شتێکن کە ئەفلاتون بە"بابەتی ناسینی عەقڵی واقیعی" ناویدەبات. لەبەرامبەردا بابەتی مێژوو، شتگەلی فەردی و ئەگەرەکانییەتی. ئەم شتانە بۆ ماوەیەك بوونیان دەبێ و ئیدی هەرگیز بوونیان نابێ. بابەتی مێژوو، ئاڵۆزی و شێواوییە تێپەڕەکانی جیهانی بەشەرییە، کە وەك هەور لە ئاسماندا بەهۆی بچوکترین ڕێکەوتەوە، شێوە دەگۆڕن. لەم گۆشە نیگایەوە، بە دژواری دەتوانین بڵێین بابەتی مێژوو، بابەتێکە بۆ توێژینەوەی جیدی و قووڵ، چونکە بابەتی مێژوو زۆر ڕاگوزەرە. عەقڵی مرۆیی پێویستە شتێك بۆ توێژینەوەی خۆی هەڵبژێرێت، کە هەرگیز لەنێوناچێت.

لەکۆتاییدا، سەبارەت بەو هەوڵەی کە بە تایبەت لە ڕێی فەلسەفەی ساختە و ترسناك و دژەعەقڵی هیگڵەوە دەستپێکردووە، واتە هەوڵ بۆ تێگەیشتن لە مێژووی جیهان بە شێوەی گشتێکی پرۆگرامکراو، یان بەو شێوەیەی خۆیان دەیڵێن:" بۆ بنیاتنانی بە شێوەیەکی پەیکەربەند"، دەبێت بڵێین ڕیشەی ئەم هەوڵە لەڕاستییدا جۆرێکە لە واقیعباوەڕیی ساویلکانە(naive realism). ئەم واقیعباوەڕییە، دیاردەکان بە **ڕاستەقینە لەخۆیدا** (thing in itself )دەزانێت و پێیوایە ئارێشەکە دەربارەی ئەم دیاردانە و فۆرمەکانی و ڕووداوەکانییەتی. هێشتا هەندێ لە بۆچوونە بنەڕەتییەکانی ئوستورەناسی لەلایەن فەلسەفەی هیگڵەوە جەختی

لێدەکرێتەوە و بە شاراوەیی پاڵپشتیی لێدەکرێت، گەرنا ڕەنگە ئەو پرسیارە بهاتایەتەپێش کە بەڕاستی ئەم کۆمیدیایە لەبەر خاتری کام تەماشاچی ڕێکخراوە؟

بەو پێیەی تەنیا تاك، خاوەنی یەکێتی(وەحدەت)ـی حەقیقی و ناپەیوەندیداری ئاگاییە، نەك جۆری مرۆڤ وەك **گشت**ێك، بۆیە یەکێتیی جەریانی ژیانی جۆر، بەتەواوی ئوستورەییە. سەرباری ئەمە، وەکچۆن لە سرووشتدا تەنیا"جۆر" ڕاستەقینەیە و ئیدی لق و دەستەکان، دەبنە بابەتگەلێکی ئەبستراکت و پەتی، لە جۆری مرۆڤیشدا تەنیا تاکەکان و جەریانی ژیانیان ڕاستەقینەیە و ئیدی میلەتان و ژیانی میلەتان، دەبنە بابەتگەلێگی ئەبستراکت و پەتی.

تەنیا جەریانی ژیانی هەر تاکێك، یەکێتی(وەحدەت)، گونجاوی و مانای ڕاستەقینەی هەیە. تەنیا ڕووداوەکانی ژیانی دەروونییمان، تا ئەو جێیەی پەیوەندییان بە ئیرادە(ویست)ـەوە هەبێت، واقیعی و ڕاستەقینەن، چونکە تەنیا ویست یان ئیرادە (will) ڕاستەقینەیە لە خۆیدا(thing in itself). گەردوونی مەزن لە هەر گەردوونێکی بچوکیشدا هەیە. ئەوەی لە گەردوونی بچوکدا هەیە(مرۆڤ)، هەر ئەوەش لە گەردوونی مەزندا هەیە و زیاد لەمەی لە خۆیدا هەڵنەگرتووە. فرەیی(کەسرەت)، دیاردەیە و ڕووداوە دەرەکییەکان شێوازی ڕووکاری جیهانی دیاردەکانن، بۆیە ڕاستەوخۆ حەقیقی و مانادار نین، بەڵکو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لە پەیوەندییاندا بە ئیرادەی تاکە کەسییەوە ڕەهەندی واقیعی و ماناداری لەخۆدەگرن. بۆیە هەوڵ بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەی ڕووداوە مێژوویەکان و پاشان پێشبینیکردنی داهاتوو، وەك هەوڵە بۆ بەخشینی ڕوویەکی جێگیر و وەستاو بە پەڵە هەورە بەردەوام جووڵاوەکان. ئەوەی مێژوو پێمان دەڵێت، لەڕاستییدا دوورودرێژترین، قورسترین و شێواوترین خەونی مرۆڤایەتییە!

دەبوو پەیڕەوکارانی هیگڵ، کە فەلسەفەی مێژوو بە ئامانجی بنەڕەتی هەر فەلسەفەیەك دەزانن، قووڵتر لە ئەفلاتون تێگەیشتبان، بۆ ئەوەی چیدی هێندە جەخت لە ڕەسەنێتیی مێژوو نەکەنەوە. ئەفلاتون لە زۆر شوێنی نوسینەکانیدا دووبارە و چەندبارەی دەکاتەوە کە: بابەتی فەلسەفە، دەبێت شتێکی نەگۆڕاو و جێگیر بێت، نەك ئەوەی ئێستا بە چەشنێکە و ساتێکی دی بە چەشنێکی دیکە. هەموو ئەو کەسانەی کە لە جەریانی جیهان، یان وەك ئەوەی خۆیان دەڵێن، جەریانی مێژوو، دەیانەوێت سیستەمێکی پەیکەرئاسا چێ بکەن، لەم حەقیقەتە سەرتاپاگیرەی فەلسەفە تێنەگەیشتوون کە: "ئەوەی هەیە، لە هەموو سەردەمەکاندا یەك

شته و، هەر جۆرە بوون-بە یەك(صەیرورە) و هاتنەبوونێك، بەتەواوی وێناییە و، کاتیش زەینییە. مەبەستی ئەفلاتون لە (ئایدیاکان) و کانتیش لە "نۆمینە" ئەو شتە نەگۆڕاو و جێگیرەیە.

بۆیە، پێویستە هەوڵبدەین بزانین چ شتێك، ئێستا و هەمیشە، بوونی هەیە و، بەڕاستی هەیە. بە مانایەکی دیکە، پێویستە ئایدیاکان بە مانا ئەفلاتونییەکەی بناسین. لە بەرامبەردا، گەمژەکان پێیانوایە کە قەرارە شتێك بێتە بوون. بۆیە لە فەلسەفەکەی خۆیاندا پێگەی بنچینەیی دەدەنە مێژوو و، لەسەر بنەمای ئەمە، تەرحێکی گریمانەیی لە جیهان درووستدەکەن، کە بە پێی ئەمە، هەموو شتێك بە ئاراستەی باشترین شتدا ڕێکدەخرێت. پاشان گریمانەی ئەوە دەکەن، ئەم باشترین شتە پێویستە لەکۆتاییدا دەرکەوێت و ئەمەش شتێکی مەزن و شکۆدار دەبێت!

کەواتە، ئەم کەسانە جیهان و بە مانایەکی وردتر، دیاردەکان بە ڕاستەقینە دەزانن و ئامانجەکەش لایان بەختەوەریی مرۆڤایەتییە. تەنانەت کاتێ مرۆڤ و چارەنووسیش هاریکار بن لە زیادبوون و گەشەکردنی ئەم بەختەوەرییەدا، دیسانەوە ئەم بەختەوەرییە پووچ و بێبەها و لەرزۆکە، کە نە دامودەزگا یاساییەکان، نە ئامێرە هەڵمییەکان و نە ئامێری تەلیگراف هەرگیز ناتوانن شتێك بخولقێنن کە لەبنەڕەتدا باشتر بێت. بۆیە، مێژووپەرستان کۆمەڵێك واقیعباوەڕی ساویلکەن، کۆمەڵێك گەشبین و چێژگەران و، دەرەنجام کۆمەڵێك ساویلکەی خاڵی لە فەرهەنگن. تەنانەت مەسیحییەکی باشیش نین، چونکە ڕۆح و کرۆکی ڕاستەقینەی مەسیحییەت، وەك ڕێبازەکانی بودیزم و برەهمایی، مەعریفەیە بە بێهودەیی هەر جۆرە بەختەوەرییەکی زەمینی و دواجار دامرکاندنەوە و ڕەتکردنەوەی. بە بۆچوونی من، ئەوەی وتم جەوهەری ڕاستەقینەی مەسیحییەتە، نەك یەکتاپەرستی. بودیزمی ئیلحادییش، زیاتر هاوشێوەی مەسیحییەتە تا یەهودییەتی گەشبینانە و شێوەکەی دیکەی یەهودییەت، واتە ئیسلام.

بۆیە، فەلسەفەی ڕاستەقینەی مێژوو، نابێت توێژینەوە بێت لەوەی کە وەك ئەفلاتون دەڵێت:" بەردەوام لە "بوون-بە"دایە و هەرگیز "نابێت"، بەڵکو دەبێت توێژینەوە بێت لەوەی "هەمیشە هەیە" و "هەرگیز لەنێو ناچێت". مێژوو وەك ئاوی ڕووبار نییە کە بڕوات و ئیدی نەگەڕێتەوە، بەڵکو وەك یاری "مار و پەیژە"ـەیە، کە دەتوانێت بە هەڵکەوت بتگەڕێنێتەوە بازنەی یەکەم. فەلسەفەی مێژوو بریتی نییە لەوەی ئامانجە

کاتییەکانی مرۆڤ بخەینە پێش ئامانجە ڕەها و ئەبەدییەکانی سرووشت و، دواتر لە ڕێی داهێنان و خەیاڵەوە، جووڵەی ڕووداوەکان لە نێو گێژاو و پێچەڵپێچە ئاڵۆزەکانی بوون، بە زۆر بەرەو ئامانجە مرۆییەکان ببەین.

فەلسەفەی مێژوو بریتییە لەو ڕوانینەی کە مێژوو نەك بە تەنیا لەسەر هێڵێکی ڕێك، بەڵکو لە خودی سرووشتی خۆیشیدا متمانەپێنەکراوە، چونکە بە قسەکردن دەربارەی کەسەکان و ڕووداوە دیاریکراوەکان، وای نیشاندەدات خەریکی گێڕانەوەی شتێکی جیاواز و ڕیزپەڕە، لەکاتێکدا لەڕاستییدا هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، یەك شت بە کۆمەڵێک ناو و ناونیشانی جیاوازەوە دووبارە و چەندبارە دەکاتەوە. بۆیە فەلسەفەی ڕاستەقینەی مێژوو، بریتییە لەو دیدەی کە: وێڕای ئەم هەموو گۆڕانکارییە بێکۆتا و فەوزا و شێواوییە، بەڵام هەردەم کرۆکێکی جێگیر و یەکسانessence (a stable and equal )لەپێش چاوماندایە. ئەم کرۆکە جێگیر و یەکسانە ئەمڕۆش بە چەشنی دوێنێ دەکات و بەردەوام خۆی دووبارەدەکاتەوە. کەواتە فەلسەفەی ڕاستەقینەی مێژوو، پێویستە جێگیرێتی و یەکسانێتی لە هەموو ڕووداوەکاندا، لە کۆنەوە تا ئێستا، لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا، دەستیشانبکات و وێڕای بوونی جیاوازی لە بارودۆخ و نەریت و کولتورەکاندا، بەڵام لە هەموو جێگایەکدا هەمان مرۆڤایەتی ببینێت. ئەم ڕەگەزە یەکسانە، کە لەژێر هەر بارودۆخێکدا بەردەوامیی خۆی دەپارێزێت، تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی زەین و گیانی مرۆییە، کە زۆرێکیان خراپ و ژمارەیەکی کەمیشیان باشن.

درووشمی مێژوو دەبێ ئەمە بێت: " هەمان شت، بەڵام بە شێوەگەلێکی جیاواز".

لە گۆشە نیگای فەلسەفییەوە گەر کۆی کارەکانی "هیرۆدۆت"ـی مێژوونوسمان خوێندبێتەوە، وەك ئەوەیە بە بڕی پێویست کۆی مێژووی مرۆڤایەتیمان خوێندبێتەوە، چونکە تەواوی ئەو شتانەی کە مێژووی دواتری جیهان پێکدەهێنن، لەودا هەیە، واتە: کۆی هەوڵ و کۆششەکان، کار، ڕەنج و چارەنوسی جۆری مرۆڤ لەخۆدەگرێت.

گەر لەوەی تا ئێستا باسمانکرد، ئەوەمان دەستنیشانکردبێت کە مێژوو، وەك ئامرازێك بۆ ناسینی سرووشتی مرۆیی، لە ڕووی گرنگییەوە لە خوار فەلسەفە و شیعرەوە دێت و، هەروەها بە مانای تەواوی وشەکە، زانست نییە و، دواجار هەوڵ بۆ خولقاندنی بە شێوەی" گشت"ێک کە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە و، هاوشانی پەیوەندییەکی مانادارە، ئەوا بەهەڵەدا چووین و ئیدی وا دەردەکەوێت ویستوومانە بەتەواوی نکۆڵی لە بەهای مێژوو بکەین، مەگەر نیشانی بدەین گرنگی و بەهای مێژوو لە چیدایە. پاش شکستهێنانی مێژوو لە بەرامبەر هونەر و زانست، قەڵەمڕەوێك دەمێنێتەوە کە تایبەت و جیاوازە لە قەڵەمڕەوی هونەر و زانست و لوتکەی ڕێز و گرنگیی مێژوو لەم قەڵەمڕەوییەدایە.

## "ئەوەی هێزی بیرکردنەوەیە بۆ تاك، مێژووە بۆ جۆری مرۆڤ"

ئەوە هێزی بیرکردنەوەیە وا دەکات مرۆڤ وەك ئاژەڵ نەبێت، لەوەدا کە بە تەنیا سنوردار نییە بە دۆخی ئێستای درکەوە، بەڵکو ڕابردووش دەناسێت کە بە چەشنێکی بەراوردنەکراو فراوانترە لە درکی ئاژەڵ و، دۆخی درکیش پەیوەستە پێوەی و لێیەوە سەر دەردێنێت. مرۆڤ بەهۆی توانای بیرکردنەوەوە تێگەیشتنێکی درووستی بۆ دۆخی خۆی هەیە و هەروەها دەتوانێت دەرەنجامگیریی سەبارەت بە داهاتوو هەبێت. لە لایەکی دیکەوە، ئاژەڵ، کە توانای ناسینی خاڵییە لە تێڕامان و سنوردارە بە درك و چرکەساتی ئێستا، تەنانەت ئەو کاتەشی کە ماڵی و ڕامدەکرێت، بە نەزانی و دۆشداماوییەوە لەنێو مرۆڤەکاندا دەسوڕێتەوە. حاڵی ئەو میلەتەی کە ئاگاداری مێژووی خۆی نەبێ و سنوردار بێ بەو نەوەیەی کە ئێستا تێیدا دەژی، هەر بە چەشنی ئەو ئاژەڵەیە. لێرەوە، ئەم میلەتە لە خۆی و بارودۆخی خۆی تێناگات، چونکە ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو و بە یارمەتیی ڕابردوو ئێستا بناسێتەوە. میلەتی وەها ناتوانێ پێشبینی داهاتووش بکات. تەنیا بەهۆی مێژووەوە دەکرێت میلەتێك وشیاریی دەربارەی خۆی هەبێت.

بۆیە، پێویستە مێژوو بە "خود-ئاگایی جۆری مرۆڤ"بزانین. مێژوو بۆ نەژادی مرۆڤ، وەك ئاگاییەکی قووڵ و گونجاوە بۆ هێزی تێگەیشتنی تاك. ئاژەڵ بەهۆی نەبوونی ئەم ئاگاییەوە، سنوردارە بە درکی ئێستایی. هەر

کەلێنێك لە مێژوودا هاوشێوەی کەلێنە لە خودئاگایی و یادگەی کەسێکدا. سەرسامی و دۆشدامانمان لەو کاتەدا کە لەبەردەم بەجێماوێکی دێرینی وەك هەڕەمەکانی میسر و کۆشك و پەرستگاکان تیاماندا درووست دەبێت، وەك وڕبوون و دۆشداماویی ئاژەڵێکە کە لە هەندێ کاروباری مرۆییدا وەك خزمەتکارێك بەشدارە، یان وەك کەسێکە کە ڕەمزەوشەی قوفڵەکەی لەبیرکردووە. بۆیە پێویستە مێژوو بە هێزی تێگەیشتن، یانژی وشیاری جۆری مرۆڤ بزانین. مێژوو لە پێگەی خودئاگاییەکدایە کە بەئاشکرا لەنێو جۆری مرۆڤدا هاوبەشە، بە شێوەیەك کە ئەم "جۆری مرۆڤ"ـە تەنیا بە هۆی ئەم خودئاگاییەوە دەبێتە "گشت"ـێك و دەکرێت وەك مرۆڤایەتی ناویببەین.

ئەوەی باسکرا بەهای ڕاستەقینەی مێژووە، بۆیە حەزی گشتی و زەق بۆ مێژوو، زۆرجار دەرەنجامی ئەوەیە کە مێژوو جێی بایەخ و بایەخدانی جۆری مرۆڤە. وەکچون زمان ئامرازێکی پڕبایەخە بۆ هێزی بەڵگەسازی، نوسین و تۆمارکردنیش هەمان بایەخی بۆ مرۆڤ هەیە، چونکە کرۆکی ڕاستەقینەی بیرکردنەوە تەنیا لە ڕێی نوسین و تۆمارکردنەوە دەردەکەوێت، واتە کتومت وەکچۆن کرۆکی عەقڵانیی تاك لەسەرەتادا بە زمان دەردەکەوێت. بۆیە نوسین و تۆمارکردن یارمەتیدەری زیندووهێشتنەوەی یەکێتیی ئاگایی مرۆڤە، چونکە ئەم ئاگاییە بە بەردەوامی بە هۆی مەرگەوە لێك دەترازێت و هەر بۆیە پارچەپارچەیە. دەرەنجام نوسین و تۆمارکردن بیرۆکە و داهێنانی پێشینانمان بووە و لە ئێستاشدا بەردەوامی پێ دەدرێت.

نوسین و تۆمارکردن دەربارەی مرۆڤ، بە جۆرێك قەرەبووی فانیبوون(مرۆکبوون)ـی تاکەکان دەکاتەوە و بەم شێوەیە لە بەرامبەر شەپۆلی ڕێپێنەگیراوی "کات" دا کە فەرامۆشی بەردەوام دەهێنێت، دەوەستێت. دەبێ نوسین و هەروەها بەجێماوە بەردینەکان بە هەوڵێك بزانین لەپێناو ئەم ئامانجەدا. ڕوونە بەجێماوە بەردینەکان دێرینترین لە نوسین و تۆمارکردن. ئایا دەکرێ بڕوا بەوە بکەین کەسانێك بە تێچوویەکی زۆر، کە ناخەملێنرێت، هێزی هەزاران مرۆڤیان خستبێە جووڵە و هەرەم و پەرستگا و کۆشکگەلێکی زەبەلاحیان خولقاندبێت کە پاش تێپەڕینی هەزاران ساڵ هێشتا ماونەتەوە، تەنیا خۆیان و سەردەمی کورتی خۆیان، کە تەنانەت بەشی ئەوە ناکات تەواوبوونی دەسکەوتەکان ببینن، لەبەرچاو گرتبێت؟ یان ئایا دەکرێ ئامانجگەلێکی ڕووکەشانەیان هەبووبێت؟ ڕوونە کە ئامانجی سەرەکیی ئەوان قسەکردن و دواندنی نەوەکانی داهاتوو، پەیوەندیدرووستکردن لەگەڵیان و دواجار زیندووهێشتنەوەی ئاگایی مرۆڤایەتی بووە. بەجێماوە

سەرسوڕهێنەرەکانی هیندییەکان و میسرییەکان و تەنانەت یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکانیش وەها دروستکراون کە هەزاران ساڵ بمێننەوە، چونکە ئەم میلەتانە بەهۆی فەرهەنگە دەوڵەمەند و باڵاکەیانەوە، ئاسۆی بینین و دركیان فراوان بووە.

لەبەرامبەردا، بەجێماوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بە چەشنێك دروستکراون کە تەنیا چەند سەدەیەك بمێننەوە. ئەمە لێکەوتەی ئەو ڕاستییەیە کە پاش ئەوەی خەت و نوسین بووە بابەتێکی هەمەپەسەند و لە هەناوی ئەمەشەوە وێنەکێشان گەشەیکرد، متمانەیەکی زیاتر درایە خەت و نوسین. تەنانەت لە شێوازی دروستکردنی بینا و باڵەخانە مۆدێرنەکاندا دواندنی داهاتوو بەرچاو دەکەوێت، بۆیە لەناوبردنیان، یان دەستکاریکردنیان لەبەر هەندێ ئامانجی نزم و بەرژوەندیخوازانە، کارێکی قێزەونە. هەڵکۆڵراوە بەردینەکان کەمتر لەبەردەم ئەم مەترسییەدان. میسرییەکان بەجێماوە بەردینەکانی خۆیان بە نوسینی هیرۆگلۆفی داپۆشی، لەو جێگایەشدا کە ئەگەری هەبوو نوسینە هیرۆگلۆفییەکە شیاوی تێگەیشتن نەبێت، سودیان لە وێنەکێشانیش وەردەگرت.

### *ڕوونکردنەوەیەکی پێویست[1]

ئەوەی شۆپنهاوەر لەم نوسینەدا بە "کرۆك(ماهییەت)ـی جێگیر و یەکسانی جیهان" ناویدەبات، کە گۆڕانی بەسەردا نایەت و هۆ و ژێدەری هەموو هەبووەکانە، بریتییە لە ئیرادە(ویست)ـی ژیان the will of life). چەمکی ئیرادە لە فەلسەفەی شۆپنهاوەردا ئاماژەیە بە ئیرادەیەکی بنەڕەتی، کە ژیان دەبەخشێتە کۆی هەبووەکان، لە ئاستی گەردیلەیەکەوە بۆ فۆڕمەکانی ژیانی ڕووەکی، ژیانی ئاژەڵی و دواجار لە خود-ئاگایی مرۆڤدا دەگاتە لوتکە. خودی ئیرادەی ژیان لەخۆیدا، نەگیراو و نەبینراوە، بەڵام ئێمە بەر دەرکەوتەکانی دەکەوین، بە پلەی یەکەم لە چوارچێوەی جەستەی خۆمان و پاشان لە چوارچێوەی دیاردە جۆراوجۆرەکانی دیکەدا. ئیرادە بە تەنیا چەمکێکی ناوبۆشی زەینی نییە، بەڵکو پێش لەوەی چەمکێکی پەتی بێت، واقیعێکە و تەنانەت دەتوانین بڵێین خودی واقیعە. نزیکترین و ڕوونترین و بەرجەستەترینی ئەم واقیعەش

[1]. وەرگێر

که ڕاستەوخۆ بەریدەکەوین، خودی جەستەی خۆمانە کە لە لایەکەوە "وێنا"ی ئێمە و، لە لایەکی دیکەشەوە دەرکەوتەی ئیرادەیە.

ئیرادە دەکەوێتە ئەودیوی کات و شوێنەوە(کات و شوێن لە فەلسەفەی شۆپنهاوەردا زەینی(سوبێکتیڤ)ن)، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە فەلسەفەی شۆپنهاوەر میتافیزیکێکی ترانسەندێنت و نا-ئەزمونی بێت، بەڵکو جۆرە میتافیزیکێکی ئەزموونییە کە تێیدا ڕاستەوخۆ بەر ئیرادە ناکەوین، بەڵام لە ڕێی دیاردەکانەوە دەگەینە شتێك لە زانین دەربارەی ئیرادە، ئەویش نەك لەسەر بنەمای زانینێکی تیۆریی پێشوەخت، بەڵکو ڕاستەوخۆ لە ڕێی سەرنجدانی کردە سرووشتی و مرۆییەکانەوە. واتە لێرەدا "کردە" پێش "زانین" دەکەوێت. ژیان دەرەنجامی کردەی کوێری ئیرادەیە، نەك هۆشێك. ئیرادە هێزێکی کوێرە کە گرنگی بە ژیاتی "تاك" نادات و "پاراستنی جۆر" وەك سەرەنجامێك دەبێتە ئامانجی. ڕوونکردنەوەی ئیرادەی ژیان، وردەکاریی زیاتری دەوێت کە لە توانای ئەم ڕوونکردنەوەیە بەدەرە، بۆیە بە نمونەیەك دەربارەی ئیرادەی ژیان، کە خودی شۆپنهاوەر هێناویەتیەوە کۆتایی بەم باسە دەهێنین:

تاڤگەیەك لەبەرچاو بگرن: خودی تاڤگەگە ئیرادەی ژیانە کە بەردەوام هەیە و ئاو لێیەوە سەرڕێژە و دەڕژێت. ئەو قەترە زۆر وردانەش کە لە کاتی هاتنەخوارەوەی تاڤگەکە پەرشوبڵاو دەبنەوە و لە چاوتروکانێکدا نامێنن، دیاردەکان و ژیانی تاکن.

سەرچاوە : کتێبی جیهان وەك ویست و نواندن-ەوە

"the world as will and representation "